The Center of Halabja
*Against Anfalization and*
*Genocide of the Kurds*
C.H.A.K
www.chak.info

Nawendi Helebce
*Dj be Enfalkirdin u*
*Ginosaydi geli Kurd*
CHAK
chak_org@yahoo.com

---

# بەیاننامەی کۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك، لەمەڕ کۆتا بڕیاری دادگا بەرامبەر بە تاوانبارانی ئەنفال

ئەمڕۆ 6/24 ڕۆژێکی مێژوویە بۆ گەلی کور بەتایبەت کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالەکان، دوای ڕمانی ڕژێمی بەعسی لادراو و دەسپێکردنی دادگایکردنی سەرانی ڕژێم، ئەوانەی دەستیان لە خوێن ڕشتن‌و لەناو بردنی هەزاران ڕۆلەی بێتاوانی گەلانی عێراق بەگشتی‌و گەلی کورد بەتایبەتی هەبووە، کەسوکاری ئەنفالکراوەکان‌و قوربانیانی هەڵەبجە لەچاوەڕوانی بینین‌و بیستنی دواین بڕیاری دادگابوو لەسەر ئەو کەسانەی هەزاران کەسی بێ تاوانی لەناو بردن.

وا ئەمڕۆ تاوانبارانی ئەنفال  بەو سزایەی خۆیان گەیشتن‌و دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق کۆتا بڕیاری خۆی لەمەر ئەو تاوانبارانە خوێندەوە، ئێمە وەك کۆمیتەی هەڵەبجەی ناوەندی چاك گەلێك خۆشحالین بەو بڕیارەو بەدڵ پیرۆزبای لە کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالەکان ئەکەین.

وەلێ ئەو ڕاستیەش ناشارینەوەو ئەو بێزاریەی ناخمان دەردەبڕین لەمەڕ پشتگوێخستنی کەسی تاوانێك کەبەرامبەر بەشارەکەمان کراوەو تائێستا لە دادگایکردنی سەرانی ڕژێم لەلایەن "دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق"ەوە کەمترین حسابیشی بۆنەکاوە، خوازیارین ئەم پشتگوێخستنە زیاتر نەخایەنێت‌و هەرچی زووە دادگا ئاوڕ لەو کەیسە گرنگە بداتەوەو ئەوانەی دەستیان لەوتاوانەدا هەبووە دادگای بکرێن.

بینین‌و بیستنی دواین دیمەنکانی دادگاو خوێندنەوەی سزای تاوانباران و ئاشکرا کردنی چەندین ناوی تری تۆمەتبار لەمەرکەیسی ئەنفال ئاسودەمان ئەکات‌و هیوادارین هەرکەس دەستی بەخوێنی ڕۆڵەکانی ئەم نیشتیمانە سورە لەبەردەم دادگادا ببینین‌و سزای عادیلانەی خۆی وەربگرێت.

بڕیاری لەسێدارەدانی دادگای ناوبراو بۆ تاوانباران کەلەنێویاندا علی حسن مجید ناسراو بە "علی کیمیاوی" هەبوو خەڵکی هەڵەبجەی لەنێو ئاسودەیی‌و نیگەرانیدا هێشتوەتەوە، نیگەرانن بەوەی ئەو تاوانبارە لەمەڕ تاوانی هەڵەبجە کە یەکێکە لەگەورە ئەنجامدەرانی هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵ نەکراوە، وەك کوردێك ئاسودەمان دەکات کە لەسەر تاوانی ئەنفال ئەو سزایەی وەرگرت، ئێمە وەك پێشتریش لەڕێی کەمپینێکەوە ڕامان گەیاندوە داواکارین ئەو تاوانبارە سزای سەری لە هەڵەبجە جێبەجێ بکرێت تابەوە ئاسودە بین کە ناوبراو لەم خاکەدا سزا بدرێت کە زۆرترین ڕۆڵەی بەناهەق شەهید کردووە.

**کۆمیتەی هەڵەبجەی**
**ناوەندی چاك**
**2007/6/24 زاینی**
**3 ی پوشپەڕی 2707ی کوردی**
**هەڵەبجە**